Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2024
Vol. X, No. 1, Series 17

پژوهشنامه ادبیات کردی
بهار و تابستان ۱۴۰۳
سال ۱۰، شماره ۱، پیاپی ۱۷

# فەرهەنگ لە ئاوێنەی زماندا
# سەرنجدانێکی وشەی «دووگیان» لە زمانی کوردیدا

**ناسێح مەلایی**[1]

**(وتاری توێژینەوەیی)**

کاتی وەرگری: ۱۶ی خەرمانانی ۱۴۰۲، کاتی پەژیران: ۱۳ی بەفرانباری ۱۴۰۲، ل. ۲۱۱ – ۲۳۴
DOI: 10.22034/JOKL.2024.139693.1327

## کورتە

وشەگەلی زمان هەڵگری پاشخانێکی فەرهەنگین و دەتوانن بیر و بۆچوون و جیهانبینیی داهێنەران و بەکارهێنەرانیان بە درێژایی مێژوو دەربخەن. بازنەی وشەکان لە سەرەتادا زۆر بەرتەسک بووە و مرۆڤ لە ڕێگای ئەزموونی بەردەوامەوە توانی لە سروشت و ئینجا لە کۆمەڵگادا بەرەبەرە ئەو بازنەیە بەربڵاوتر بکات. زاوزێ و منداڵدارییی، یەکێک لە سەرەتاییترین ئەزموونەکانی مرۆڤە کە هەوڵی داوە لە زماندا جێگایان بۆ بکاتەوە و وشەیان بۆ دارێژێت. کاتێک منداڵێک دەکەوێتە منداڵدانی ژنێکەوە، چیتر ئەو ژنە وەکوو پێشتر سەیر ناکرێت. ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا چەند وشەیێک وەک دووگیان، سكپڕ، لەمەپەڕە و هتد بۆ وەها ژنێک هەن کە لە نێوانیاندا وشەی دووگیان وەکوو موڵکی تایبەتی کورد، بەرچاو و خاوەن تایبەتمەندیی سەرنجڕاکێشی خۆی دەردەکەوێت و دەتوانێت لەم ڕووەوە لایەنێکی جیهانبینیی مرۆڤی کورد ڕوونتر بێتەوە. ئەم وتارە بە شێوازی وەسفی-شیکاری هەوڵ دەدات ئاوڕێک لە وشەی دووگیان بداتەوە تاکوو لە پاڵ تایبەتمەندیی زمان، تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانی پشتەوەی دەربخات. گرینگترین ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە ئەوەیە کە وشەی دووگیان جیهانبینیی مرۆڤانەی کورد بەرابەر بە مرۆڤ بەگشتیی و ژن بەتایبەت بەجوانی پیشان دەدات و دەریئەخات کە کورد بە ڕێزێکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ دایکدا دەکات و وەک مرۆڤێکی گیانلەبەری خاوەنماف سەرنجی ئاولەمەکەشی دەدات. هەروەها ڕەنگە وشەی پیرۆزی دووگیان، وەکوو یادگارێکی سەردەمی دایكسالاری، لە زمانی کوردیدا خاوەن تەمەنێکی دوو تا سێ هەزار ساڵە بێت و لە لایەن ژنانیشەوە داهێنرابێت. لە لایێکی تریشەوە، پێکهاتەی ئەم وشەیە یەکێک لە کۆنترین ڕێکارەکانی وشەڕۆنانی زمانی کوردیمان بۆ دەردەخات.

***وشەگەلی سەرەکی:*** کورد، فەرهەنگ، زمان، دووگیان، جیهانبینی

## چکیده

واژگان زبان دربردارنده ذخیره‌ای فرهنگی هستند و می‌توانند طرز فکر و جهان‌بینی مبدعین و همچنین بکاربرندگان آنها را در طول تاریخ نشان دهند. دایره واژه‌ها در ابتدا بسیار محدود بود و انسان از طریق تجربه مستمر در طبیعت و سپس در جامعه توانست اندک‌اندک آن دایره را گسترده‌تر کند. زادوولد و فرزندپروری یکی از ابتدایی‌ترین تجارب بشر می‌باشد که او برای تعبیر از آن به ابداع و ساخت واژه پرداخته است. هنگامی که نطفه در رحم زن شکل می‌گیرد، دیگر آن زن همچون پیشتر نیست و با نگاهی متمایز دیده می‌شود. امروزه در زبان کردی برای چنین زنی چند واژه همچون "دُووگیان" (Dugyan)، "سکْپر" (Sikpir)، و "لَمَەپَەره" (Lamapara) و غیره وجود دارد که واژه دووگیان در میانشان برجسته و دارای ویژگی‌های قابل‌توجهی است و بدین دلیل می‌تواند جنبه‌ای از جهان‌بینی کُرد را برایمان روشن‌تر سازد. این مقاله می‌خواهد با تکیه بر روش توصیفی–تحلیلی نگاهی به واژه دووگیان داشته باشد تا در کنار ویژگی‌های زبانی، ویژگی‌های فرهنگی ورای آن را نیز نشان دهد. برجسته‌ترین نتیجه این بررسی آنست که واژه دووگیان جهان‌بینی کُرد را نسبت به انسان عموما و زن خصوصا به خوبی نمایان می‌سازد. این واژه بیانگر احترام فراوان کُرد برای مادر و جنین‌اش است. همچنین احتمال دارد قدمت واژه‌ی مقدس دووگیان به دو تا سه هزار سال پیش برگردد و مبدع یا مبدعین آن زنان باشند. از سویی دیگر، ساختار این واژه براساس یکی از کهن‌ترین مکانیسم‌های زبان کردی صورت گرفته است.

***واژگان کلیدی:*** کُرد، فرهنگ، زبان، دووگیان، جهان‌بینی

---

[1] مامۆستا لە زانکۆی فەرهەنگیان، سنە، ئێران
naseh.m1986@gmail.com

## ۱- پێشەکی

پتەوترین پردی نێوان وەچە یەک لە دوای یەکەکانی هەر نەتەوەیێک زمانە. بێ گومان ئەگەر مرۆڤ ئەم زمانە تایبەتەی خۆی نەبوایێت، هیچ جیاوازییەک لە نێوان مرۆڤە سەرەتاییەکان و مرۆڤی سەردەمدا نەدەبوو یان لانی کەم جیاوازییەکی زۆر لاواز لە نێوانیاندا دەبوو؛ هیچ هەواڵێکیش لەم هەموو ژیار و شارستانییەت و پێشکەوتنانە و هتد لە ئارادا نەدەبوو. گشت زانین و ئەزموونەکانی مرۆڤ لە ڕێگای ئەم پردەوە دەستبەدەست بوونە و بۆ بەرەکانی داهاتووش گوازراونەتەوە. داڕمانی ئەم پردە بە واتای دابڕانی بەرەکانی داهاتوو لە گشت ئەو زانیاری و ئەزموونە گرینگانەی دەبێت کە بەرەکانی پێشتر بە درێژایی مێژوو بە چنگیان خستوون تا دواهاتووانیان دەمودەست وەریان بگرن و چیتر ئەو ئەزموونانە دووپات و چەندپات نەکەنەوە و تەمەنی خۆشیان لە ڕێگای ئەو زانیاری و ئەزموونانەدا تەرخان نەکەن.

زمان لە نێو بازنەی بەربڵاوی فەرهەنگدا دەوەستێت. فەرهەنگ (چاند، کولتوور) وەکوو هەنبانەبۆرینەیێک سەرجەم سامانی مرۆڤ لە ژیاندا لە بەر دەگرێت. وشەی «فەرهەنگ» بەم واتا مەبەستەی ئیمە لە *فەرهەنگی زانستگای کوردستان*دا (۱۳۹۷/ ۳: سەروشەی فەرهەنگ) ئاوەها ناسێندراوە: «دیاردەیێکی کۆمەڵایەتی لە دابونەریت، بیر و بۆچوون، هونەر و لێهاتوویی و شێوازی ژیان کە لە درێژەی ئەزموونی مێژوویی گەلاندا ڕەنگ دەگرێ و بۆ بەرەی داهاتوو دەمێنێتەوە». بێ گومان ئەرکی ڕاگواستنەوەی بەشێکی گەورە لەو سامانە گرینگەی مرۆڤ بە زمان جێبەجێ دەکرێت و مانەوەشی لە درێژەی مێژوودا بە مانەوەی زمانەوە بەندە. «لەناوچوونی هەر زمانێک بە واتای لەناوچوونی پۆلێکی گەورە لە وێناکان، هزرەکان، بیرکردنەوەکان و واتە لەناوچوونی یەک فەرهەنگە» (گرجی و هاوکاران، ۱۳۹۲: ۱۹۷). زۆرن ئەو نەتەوانەی لە درێژەی مێژوودا زمانەکەیان بزر بووە و بەو بۆنەوە بەشی هەرە زۆری فەرهەنگەکەشیان گۆڕدراوە و مەخابن بە شوێن نەمانی ئەو زمان و فەرهەنگانەدا چەندەها جۆری ڕوانین و بیرکردنەوەش سەبارەت بە جیهان و ئەوەی تێدایە نەماون.

باسی زاوزێ و دووگیانبوونی ژن، یەکێک لەو بوارە سەرەتایی و گرینگانەیە کە مرۆڤ هاوڕێ لەگەڵ تەمەنی خۆیدا ناسیویە و وەکوو یەکێک لە بوارە ئاساییەکانی ڕۆژانە سەرنجی داوە و بەم بۆنەوە هەر لە سەردەمی جێگیربوون و پێکهاتنی زمانەوە هەوڵی داوە وشەی لەبار بۆ دەربڕینی ڕوانین و بۆچوونی خۆی لە حاندی بوارە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانە بە گشتی و ئەم بوارە بە تایبەت داڕێژێت. پێکهاتنی زمان وەکوو شۆڕشێکی گرینگی مێژووی مرۆڤایەتی، لە ناکاو نەبووە و وەکوو

هەر دیاردەییێکی جیهانی بە گرینگ و ناگرینگیەوە ڕێگاییێکی دوورودرێژی بڕیوە و بەرەبەرە پێگەیشتووە و ئەم سامانە پێشکەوتووەی ئەمڕۆییەنەی لە خۆ گرتووە. دووهەمین شۆڕشی گرینگی مرۆڤی مودێرن، واتە زمانی کاڵی سەرەتایی لە نزیکەی ٥٠ هەزار ساڵێک لەمەوبەر وردەوردە دەستی پێکردووە و بە دوای ئەزموونێکی درێژخایەنەوە پێکهاتەییێکی ڕێکوپێکی لە خۆ گرتووە (قرشی، ١٣٨١: ٨٤)؛ کەوایە، هەر وشەییێک لە نێو خۆیدا خاوەن ئەزموونێکی زۆر و پڕبایەخی مرۆڤییە و لە پڕێکدا دانەڕێژراوە.

کاتێک تاکەکانی نەتەوەییێک سەرەڕای دەوڵەمەندیی وشەدانی زمانەکەی خۆیان، پەنا بۆ وشە بەرابەرەکانی زمانێکی دیکە دەبەن، ئەوا خۆیان، فەرهەنگ و زمانەکەیان بە باشی نەناسیوە. بێ‌گومان نەتەوە جۆربەجۆرەکانی جیهان خاوەن ئەزموون و بەسەرهاتگەلێکی جیاوازن کە کاریگەریی ژینگە و ناوچەی جوگرافیی نیشتەجێبوونیان و چەند ڕاستییەکی دیکە بە سەر ئەو ئەزموون و بەسەرهاتانەوە بە ڕوونی دیارە. کەوایە، ئەگەر دابڕانێک لە نێوان زمانی دوو بەرەی دواهاتوو و پێشوودا ڕوو بدات، ئەوا بە دڵنیاییەوە بەرەی دواهاتوو لە فەرهەنگ و مێژووی بەرەکانی پێشتری خۆی دابڕاوە و خودئاگا یان ناخودئاگا لەو ئەزموونە پڕبایەخەی پێشینیان دەسخەڕۆ ماوەتەوە و بە لاساییکردنەوەی زمانێکی دیکە، فەرهەنگ و ئەزموونی پێشینیانی نەتەوەییێکی دیکە ئەزموون دەکات کە بۆی نامۆیە.

هیچ کەسێک ناتوانێت نکۆڵی لە کاریگەری و ڕۆڵی ئەو پەیوەندییە بەکەڵکە نێوانزمانی و نێوانفەرهەنگییەی زمان و فەرهەنگە جۆربەجۆرەکان بکات کە پەرەسەندن و گەشەکردنی زمان و فەرهەنگەکانی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر تاکەکانی نەتەوەییێک بە ڕادەییێکی زۆر، یان بە تەواوی زمان و فەرهەنگی خۆیان لە بیر ببەنەوە و پەنا بۆ زمان و فەرهەنگێکی نامۆ ببەن، ئەوا زیانێکی گەورەیان لێ قەوماوە و ناخودئاگا لە نەمانی شێوەڕوانین و جیهانبینیی پێشینیانی خۆیاندا ڕۆڵیان گێڕاوە.

جیهان بە گشت نەتەوە و ڕەچەڵەکەکانییەوە جیهانە. ناسینی هەر دووی جیهان و مرۆڤ پێویستی بە ناسینی جیهانبینیی گشت مرۆڤەکان هەیە و هیچ جیاوازییەک لە نێوان ڕەگەزە جۆربەجۆرەکاندا نییە و هەموویان بە بێ لەبەرچاوگرتنی مۆرک یان پێوەرەکانی پێشکەوتوو و دواکەوتوو و هتد، لەم بابەتەدا بەرابەرن و هەر کامیان خاوەنی بایەخی مرۆڤی و مرۆڤناسانەی خۆیانن. جۆرەڕوانینی ئەمریکاییەک هیچ سەرترییەکی بە مل جۆرەڕوانینی ئەفغانستانییەکدا نییە، بەڵکوو هەر دوویان مرۆڤن و لە ناسینی مرۆڤ و جیهاندا گرینگیی خۆیان هەیە. تەنانەت جیهانبینیی ئەو نەتەوە زۆر بچووکانەش کە هەژماریان ناگاتە یەک ملیۆن کەس، لە ناسینی مرۆڤ و جیهاندا پێگەی خۆیان

هەیە. کەوایە، لە ناسینی مرۆڤ و جیهاندا، هەر جۆرەڕوانینێک دەتوانێت یارمەتیمان بدات تاکوو جیهان و مرۆڤ بە گشتی باشتر بناسین.

ناسینی بیر و بۆچوونی نەتەوەکانی جیهان و جیهانبینیان دەتوانێت بێخ و بنەڕەتی زۆربەی کێشە و ناکۆکییگەلێکمان بۆ بداتەوە کە لە درێژەی مێژوویاندا سەریان هەڵداوە. هەروەها دتوانێت یارمەتیمان بدات تاکوو خاڵە هاوبەشەکانی جیهانبینییەکەیان بدۆزینەوە و بۆ ناسینەوە و پەیوەندی و لێکتێگەیشتنێکی لەبارتر و مرۆڤانەتر کەڵکیان لێ وەر بگرین. بێ‌گومان، شاکلیلی پێکەوەژیانێکی مرۆڤانەتر لە ناسین و لێکتێگەیشتندایە کە هەمیشەش لە ئایین و بەتایبەت ئایینە تاکپەرستییەکاندا بایەخی پێ دراوە. لە ئایەتی سێزدەهەمی سوورەتی حوجوراتدا هاتووە «ئەی خەڵکینە! هەر لە نێر و مێوێکەوە ئێوەمان وە دی هێناوە و کردوومانن بە چەند گەلێک و چەند هۆزێک هەتا یەکتر بناسن[۲]» (الحجرات: ۱۳). بە دڵنیاییەوە، باشترین و پێشکەوتووترین ئامرازیش بۆ ئەم ناسین و لێکتێگەیشتنە هەر زمانە کە هەڵگری بەشێکی گەورەی فەرهەنگ و جیهانبینی خاوەنەکەیە.

وا دیارە چەند وشەیێکی تر وەک «ئاڤس، هاوس، یاوس، ئاور، زکپڕ، لەمەپەڕە، تۆڵلەزگ، بەردار، بەرهەمدار» (*فەرهەنگی زانستگای کوردستان*، ۱۳۹۷/ ۱: ژێروشەی «ئاوس») لە زمانی کوردیدا هەن کە زۆربەیان بۆچوون و سەرنجی داهێنەران و بەکارهێنەرانیان لە باری کارلەشناسی یان فیزیۆلۆژییەوە بۆ دایک و منداڵەکەی دەردەخەن و بۆ سەردەمێکی زۆر کۆنتر دەگەڕێنەوە و بەم بۆنەوە ناکەونە نێو بازنەی سەرەکیی بابەتەکەوە. کەوایە، ئەم وتارە، تەنیا هەوڵ دەدات لە ڕێگای ڕەچەڵەکناسیی وشەی دووگیانەوە سەرنجی بەشێکی زۆر بچووک بەڵام گرینگی شێوەی بیرکردنەوە و جیهانبینیی مرۆڤانەی مرۆڤی کورد (بە ژن و پیاویەوە) سەبارەت بە دایک و ئاولەمە بدات، تاکوو هێلمەیێک لە فەرهەنگ و زمانی کورد لێکبداتەوە. گرینگترینی ئەو پرسیارانەی لەم وتارەدا وڵام دەدرێنەوە بریتیین لە:

- ئایا وشەی دووگیان توانیویە فەرهەنگی کورد لەم گۆشەنیگاوە بە باشی بناسێنێت؟
- جیهانبینیی مرۆڤی کورد بەرابەر بە دایک و ئاولەمەی نێو منداڵدانییەوە چۆنە و چ تایبەتمەندییەکی هەیە؟
- وشەی دووگیان کام یەک لە ڕێکارە زمانییە کۆنەکانی زمانی کوردی دەردەخات؟

۲. «يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا».

**٢- پێشینە**

مستەفا ڕەسوول (١٩٧٠) لە *ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی*دا پەرژاوەتە سەر بەشێکی زۆر گرینگی فەرهەنگی کوردی کە فۆلکلۆرە. گرینگیی فۆلکلۆر لەم کتێبەدا لە دوو بارەوە بۆمان دەردەکەوێت: یەکەم فۆلکلۆر خۆی ئاوێنەی کۆمەڵگایە و دەتوانین بڵێین هیچ دیاردەیێکی فەرهەنگی نییە کە لە فۆلکلۆردا ئاوڕی لێ نەدرابێتەوە؛ دووهەم فۆلکلۆر خاوەن و پارێزەری زمانێکی تا ڕادەیێک بێ‌خەوشە کە بە باشی توانیویە و بەردەوامیش دەتوانێت لە توێی وشەکانیدا فەرهەنگ بنوێنێتەوە. کەوایە، ڕەنگە نووسەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا ڕاستەوخۆ خەمی دەرخستنی ئەم بارە دووهەمەی نەبووبێت، بەڵام بە پاراوی باسی بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی وەک چیرۆک، گۆرانی، پەندی پێشینیان، قسەی نەستەق، و گاڵتەوگەپی کردووە و توانیویە بیر و بۆچوونی زۆرێک لە ڕۆژهەلاتناسەکان سەبارەت بە فەرهەنگ و فۆلکلۆری کوردی و کاریگەریان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بئاووژێنێت.

هێنلە[3] (١٩٥٨) لە *زمان، هزر و کولتوور*دا لە تیۆریی بینجامین لی وۆرف ئەدوێ کە باسی پەیوەندی زمان و ئەزموون و ڕۆڵی گرینگی زمان لەم پەیوەندییە و تەنانەت دەستنیشانکردنی ئاست و سنووری ئەزموون دەکات. ئەم تیۆرییە لە بەشێکیدا دەڵێت: هەر زمانێک سیما (شکڵ) بە هزری قسەپێکەرانی خۆی دەبەخشێت؛ هەر کولتوورێک و زمانێک کە پێکەوە هەوڵیان دابێ، گەلێ پەیوەندیی گرینگ لە نێوان لایەنە گشتییەکانی ڕێزمان و لایەنە تایبەتەکانی ئەو کولتوورە لە ئارادا هەیە.

محەمەدی (١٣٩٩ه) لە وتاری «بازتاب ویژگی‌های فرهنگی و اقلیمی در شعر بومی گروس»دا گەیشتووە بەو ئەنجامە کە بێجگە لە هێندێک هەڵگوتن بە پێغەمبەر و بنەماڵەی بێ‌گەردی نەبێت، نیشانەیێک لە ڕەنگدانەوەیێکی بەهێزی تایبەتمەندییە فەرهەنگی و ناوچەییەکانی بیجاڕی گەڕووس و هەروەها بارودۆخە جۆگرافی و کۆمەڵایەتییەکەی لە شیعری شاعیرە گەڕووسەکانی نێو لێکۆڵینەوەکەدا نابینرێت.

محەمەدزادە (١٣٩٥ه) لە وتاری «بازنمایی اجتماعیات در ادبیات کردی»دا باسی گرینگیی وێژەی زارەکی و پێگەی لە زماندا دەکات و دەڵێت زمان لە ڕەوتی مێژوویی گۆڕانی وێژەدا گرنگایەتییەکی زۆرتری بە دەست هێناوە و بەم بۆنەوە دەبێ پێش لە هەموو شتێك هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی وێژەی زارەکی یان دەڤکی بدرێت تاکوو زمان و وشەکانی بە هۆی پێشکەوتنەوە کاڵ نەبنەوە و ئینجا ون نەبن.

3. Paul Henle

سەلمانی‌نژاد مێهرئابادی و شوکری (۱۳۹۹هـ) لە وتاری «جایگاه کهن‌الگوی اصل مادینه در اشعار شیرکو بی‌کس»دا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە کۆنەمیناکی دایکی نیشتمان بە شێوازگەلێکی جۆربەجۆر لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس‌دا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم ڕەنگدانەوە بە هۆی زاڵبوونی دیاردەی ژنسالاریی لە ناخی فەرهەنگ و ئینجا لە بەشی ناخودئاگای مێشکی شاعیردا ڕووی داوە. ئەم دیاردەیە هەر لە کۆنەوە هەبووە و لە درێژەی مێژوودا توانیویە دونیای ئوستوورە ببڕێت، بەڵام لە دونیای ئایینەکاندا وردەوردە کاڵ بووەتەوە و جێگای خۆی لە بەشی ناخودئاگای مرۆڤدا کردووەتەوە. شاعیران وەکوو نوێنەری کۆمەڵگای خۆیان، بەردەوام وەک ئاوێنە هەوڵیان داوە ڕاستییەکانی ئەو کۆمەلگایە بنوێننەوە. توانستی بەربڵاوی شێرکۆ بێکەس لە بواری شیعر و شاعیری و هەروەها زانیاریی تەواوی سەبارەت بە فەرهەنگی کورد وای کردووە بتوانێت لە شیعرەکانیدا وێنەیێکی ڕوون و بێگەرد لە دایکی نیشتمان پێشکەش بکات.

لاوژە (۱۴۰۱هـ) لە وتاری «تحلیل زبان عرفانی در دیوان محوی»دا دەڵێت کە شیعرەکانی مەحوی لە دەربڕینی مەبەستی عێرفانی و بیری سۆفیانەدا دەرکەوتەی ئەزموونە عێرفانییەکانی نین و زۆرتر لە سەرەکواتاکانی زمانی پێشینی سۆفییانە و ئەو وێنا بیچم‌گرتووە هێماییانەوە دەردێن کە لە بەرهەمە پێشترەکاندا دەبینرێن. لەم ڕووەوە، زۆرترین گرینگایەتیی شیعرەکانی مەحوی لەوەدایە کە زاراوە سۆفییانەکان لە بازنەیێکی واتاییدا دەبەستنەوە و جارنەجارێکیش بازنەی واتایی ئەم زاراوانە بەربڵاوتر دەکەن و چەشنەواتاییێکی بەرچاو لە قەبارەییێکی نوێدا دەئافرێنن.

قادر کەریم (۱۳۹۹هـ) لە وتاری «کەلەپوور لە شێعری نوێی کوردیدا: خوێندنەوەی بەرهەمی کاکەی فەللاح بە نموونە»دا ئاماژە بە ئەنجامەکەی دەکات و دەڵێت کە پێکهێنانی حکوومەتی کوردی لە لایەن شێخ مەحموودی حەفیدەوە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر شیعر داناوە؛ واتە شاعیرانێک وەک پیرەمێرد، گۆران و کاکەی فەللاح هەوڵیان داوە فەرهەنگ و کەلەپووری نەتەوەیی بە شێواز و چەشنگەلێکی جۆربەجۆر بنوێننەوە و ڕوومەتی بەرهەمەکانیان لە ڕێگای ئەم تایبەتمەندییەوە بناسێنن. کاکەی فەللاح وەکوو میناکی ئەم وتارە توانیویە هونەرمەندانە مامەڵە لەگەڵ فەرهەنگی کوردیدا بکات و بیهێنێتە نێو شیعرەکانییەوە و لە پێکهێنانی بیر و واتای نوێدا کەڵکیان لێ وەربگرێت.

شێخ تەیب (۲۰۱۰) بە وەرگێڕانی وتارێکی عەرەبیی لە ژێر ناوی «زمان و کۆمەڵ»دا سەرنجی خوێنەر بۆ سەر پەیوەنیی زمان لەگەڵ بیر و ژیاردا ڕادەکێشێت. لە دوو بەشی ئەم وتارەدا ئاماژە بە پەیوەندییەکانی زمان لەگەڵ بیر و ژیاردا کراوە و دەور و ئەرکی گرینگ و حاشاهەڵنەگری زمانیش لەم پەیوەندییەدا ڕەچاو گیراوە.

ئەگەرچی -بێجگە لە کتێبی *زمان، هزر و کولتوور* کە تا ڕادەیێک پەیوەندییەکی زۆرتری بەم باسەوە هەیە- هیچ کام لەم بەرهەمانە ڕێکاوڕێک لەگەڵ بابەتی سەرەکیی ئەم وتارە نایێنەوە و تەنیا باسی ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ و کۆمەڵگا لە زمان و هەروەها بەرهەمی نووسەران و شاعیران دەکەن نە لە خودی وشەکاندا؛ واتە تەنیا زمانتەوەر و وێژەتەوەرن و ڕاستەوڕاست ئاوڕیان لە وشەکانی زمان نەداوەتەوە، بەڵام خاوەن بایەخ و بەهای خۆیانن و دەتوانن باشتر ڕێگا بۆ توێژینەوەی لەم جۆرە خۆش بکەن. کەوایە، ئەم توێژینەوە لە جۆری خۆیدا نوێیە و دەتوانێت دەلاقەیێک بەرەو دیمەنێکی ڕەنگین و هەروەها پێویست لە زمانی کوردیدا بە ڕووی لێکۆڵەران و توێژەراندا بکاتەوە و لە ناسینی زمان و فەرهەنگی کورددا بەکەڵک ببێت.

## ٣- پەیوەندیی زمان و فەرهەنگ

پێش لەوەی باسی پەیوەندی نێوان زمان و فەرهەنگ بکەین، دەبێ بزانین فەرهەنگ چییە. فەرهەنگ (چاند یان کولتوور) بازنەیێکی گشتگیری ڕەنگاوڕەنگە کە لە ڕێگای گشت ئەو بەشە ڕەنگاوڕەنگانەیەوە دەناسرێت. دابڕانی هەر یەک لەو بەشانە، لە گەیشتن و دەستخستنی پێناسەیێکی متمانەپێکراو و جێباوەڕ سەبارەت بە فەرهەنگ دوورمان دەخاتەوە. کاتێک دەتوانین ئیدیعای ناسینێکی لەبار و گونجاو سەبارەت بە نەتەوەیێک بکەین کە گشت یان لانی کەم زۆرینەی ئەم بەشانەی فەرهەنگمان بە باشی ناسیبێت و تووشی بڕیارێکی سەرسەری و بەپەلە و پاژەکیانە سەبارەت بە فەرهەنگ و ئینجا نەتەوە خاوەن فەرهەنگەکە نەبووبێتین.

زۆرن ئەو بڕیارە هەڵە و ڕەمەکیانەی لە درێژەی مێژوودا لە سەر نەتەوە جۆربەجۆرەکاندا دراون و هەر بە بۆنەی وەها بڕیارگەلێکەوە سیما و دەموچاوی ئەو نەتەوانە بۆ ماوەیێکی دوورودرێژ یان بۆ هەمیشە لە بیری نەتەوەگەلێکی دیکەدا لێڵ و کرێت بوونە و وەکوو میراتێک بۆ بەرەکانی داهاتووش ماوەتەوە. بێ گومان بەشێک لە شەڕ و ناکۆکییەکانی نەتەوە دراوسێ و هەروەها نەتەوە دوورلەیەکەکان دەرئەنجامی وەها تێگەیشتنێکی چەوت و ناتەواو بووە و هەوڵگەلێک وەک «پێکدادان یان شەڕی ژیارەکان[4]» و لەم دواییانەشدا «وتووێژی ژیارەکان یان فەرهەنگەکان[5]» لە پێناوی ورووژاندن و دەرخستنی ڕاستییەکان و ڕاستکردنەوەی خاڵە چەوتەکانی ئەو لێکتێنەگەیشتنە کۆنانە بوونە.

زانایانی ئەم بوارە لە سەر پێناسەی فەرهەنگ هاودەنگ نین کە سەرچاوەی ئەم فرەدەنگییە بۆ خودی فەرهەنگ و چێهاتەکەی دەگەڕێتەوە. ڕەنگە ساکارترین پێناسە سەبارەت بە فەرهەنگ ئەوەیە

4. Clash of civilizations
5. Dialogue among civilizations

که به «ڕێوڕەسمی ژیانی کۆمەڵگا» (توسلی، ۱۳۸۶: ۱۰۷) دانراوە؛ واتە گشت ئەو دیاردانەی بە کۆمەڵگا و ژیانی بەکۆمەڵی مرۆڤەوە گرێیان خواردووە، لە بازنەی فەرهەنگدا جێ دەکرێنەوە. زۆربەی زانایانی بواری فەرهەنگ‌ناسی لە پێناسەی فەرهەنگدا چاویان لە دوو لایەنی دەرهەست و بەرهەستی فەرهەنگ کردووە و بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن: «گشتێکی چنراو لە باوەڕ، بەها، ئاوات، زانست، هونەر، لێزانین، ڕەوشت و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو بەشی دەرهەستی فەرهەنگ و ژیار وەکوو بەشی بەرهەستەکەی» (حبیبی، ۱۳۷۸: ۵).

ئەو فاکتەر و ڕاستییانەی کە پێکهاتەی فەرهەنگ دادەڕێژن لە هەموو فەرهەنگەکاندا یەکدەست و هاوبەش نین، بەڵکوو لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکی دیکە جیاوازن. ئەم جیاوازییە وا دەکات فەرهەنگێکی یەکدەست لە ئارادا نەبێت و هەر نەتەوەیێک خاوەن فەرهەنگی تایبەت بە خۆی ببێت. مرۆڤ منداڵی سروشتە و لە باوەشیدا هەموو شتێک فێر دەبێت و بەم بۆنەوە، سروشت یان جوگرافیای هەر وڵات یان نەتەوەیێک یەکێک لە کاریگەرترینی ئەو ڕاستییانەیە کە پێکهاتەی فەرهەنگیی ئەو وڵات و فەرهەنگە دیاری دەکات یان لانی‌کەم ڕێگا بۆ گیرسانی دەکاتەوە. لە دەروونناسیشدا فەرهەنگ بەم جۆرە پێناسە کراوە: «مەبەست لە فەرهەنگ لە دەروونناسی نێوان‌فەرهەنگیدا شێوەی ژیان و جیهانبینیی هاوبەشی ئەو مرۆڤانەیە کە لە یەک کۆمەڵگا، یەک کۆمەڵ یان یەک نەتەوەدا دەژین. هیچ کۆمەڵگاییێک، بچووک یان گەورە، بێ فەرهەنگ نییە و خاوەن شێوەژیان و جیهانبینیی تایبەت بە خۆیە کە لە ڕێگای باوەڕەکان، داب و نەریتەکان، منداڵداری، پێکهاتەی بنەماڵە، ئەزموونە باوەکان و هتد دیاری دەکرێت» (رضوی، ۱۳۹۲: ۱۲-۱۳).

بێ‌گومان سروشت و جوگرافیا کاریگەریی حاشاهەڵنەگریان بە سەر شێوەژیان و جیهانبینییەوە دەبێت. ئەزموون، شێوەژیان و جیهانبینیی نەتەوەیێک کە لە دەشتاییەکان و پاڵ زەریاکاندا دەژی، زۆر جیاوازتر لەو نەتەوەیە کە لە کوێستان یان وشکەڵان و بیاواندا ڕادەبوێرێت. لە پاڵ کاریگەریی جوگرافیا و سروشتی ژینگەدا، ژیانی کۆمەڵایەتیش ڕۆڵێکی گرینگ لە پێکهاتنی فەرهەنگدا دەگێڕێت. کەوایە، «جیهانی مرۆڤ پێچەڵپێچە و خاوەن ڕەهەندە تایبەتەکانی خۆیە؛ واتە بنەڕەتەکەی لە بەرنگاربوونەوەی مرۆڤ و سروشت و هەروەها مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و مرۆڤە هاوچەشنەکانی و ئینجا پێکهێنانی کۆمەڵگا و فەرهەنگ لە ڕێگای ئەم بەرنگاری و مامەڵەکردنانەوە داڕێژراوە» (رحمانی، ۱۳۹۲: ۲). زمان ئامرازێکە دەتوانێت ڕەنگدانەوەی ئەم دوو ڕەهەندە لە فەرهەنگدا، واتە بەرنگاربوونەوەی مرۆڤ و سروشت لە لایێک و مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و هاوچەشنەکانیدا لە لایێکی دیکەوە بە ڕادەیێکی پەسەندکراو دەربخات.

یەکێک لە بەشە دەرهەستەکانی فەرهەنگ و یان بگرە گرینگترین بەشی دەرهەستی فەرهەنگ، زمانە.

ئەو تاکانەی لە کۆمەڵگایێکی زمانی تاڕادەیێک جێگیردا دەژین و بە گشتی ئاکارێکی کۆمەڵایەتیی یەکدەستیان هەیە، زۆرتر پەیغامەکان، بیرکردنەوەکان و هەستەکانی خۆیان لە ڕێگای زمانێکی هاوبەشەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن. تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی زمان وای لێ دەکات بە زۆربەی دیاردەکان، ڕەهەندەکان و هێمانە کۆمەڵایەتیی-فەرهەنگییەکانەوە گرێ بخوات و ئەم یەکیەتی و پێکەوەبوونە دەگاتە ئاستێک کە زۆر کەس زمان وەکوو ئاوێنەیێک ببینن کە دیاردە و گۆڕانکارییە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگا بە جۆرێک لە خۆیدا دەنوێنێتەوە (سبکتکین و همکاران، ١٣٩٢: ٦١).

کاتێک سامانێک وەک زمان بەم ڕادەیە بەکەڵک ببێت و بتوانێت بۆ ناسینی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا و فەرهەنگەکەی یارمەتیمان بدات، ئەوا دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر فەرهەنگی کۆمەڵگاکان بە گشتی و بەشە جۆربەجۆرەکانی فەرهەنگەکە بە تایبەت کەڵک لە زمان وەربگرین. کەوایە، ئەگەر ئەم بەشە لە فەرهەنگ لە بەر چاو نەگیرێت یان بە باشی ئاوڕی لێ نەدرێتەوە، ئەوا لە ناسینەکەماندا بە لاڕێدا ڕۆیشتووین.

دەبێ لە توێژینەوە لە سەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی فەرهەنگدا لایەنە وتەییەکانیشی لە بەر چاو بگیرێت. توێژینەوەی کۆمەڵگا بە بێ لەبەرچاوگرتنی زمان، توێژینەوەیێکی ناتەواوە؛ چونکوو زمان دیاردەیێکی تاکپێوەر نییە، بەڵکوو سامانێکە لە لایەن کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بە سەر مرۆڤدا سەپێندراوە؛ خاڵی پێکبەست و پەیوەندیی زمان و فەرهەنگ لێرەدا دەردەکەوێت (رضوی، ١٣٩٢: ١٩).

زمان وەکوو کۆنەمیراتی کۆمەڵگای مرۆڤی هەمیشە ئەزموونی بەرەکانی پێشووی لە خۆ گرتووە و بۆ بەرەکانی دواتری گواستووەتەوە. ئەو ئەزموونە لە پێکهاتنی فەرهەنگ و ژێربەشە جۆربەجۆرەکانیدا، بە تایبەت زمان، ئەرکی بنەڕەتی بووە و هەیە و دەبێت. بەهێزترین و کاراترین ئامرازی گواستنەوەی ئەم ئەزموونە هەر زمانە. خاڵی یەکخەری ئەزموون و نیشانە زمانییەکانیش بەردەوام واتا بووە. «دەکرێ واتا وەکوو زنجیرەیێکی پێچەڵپێچ لە پەیوەندی و چونیەکییەکان دابنرێت کە لە نێوان نیشانە زمانییەکان و دونیای ئەزموونە مرووڤییەکاندا دادەمەرزێت» (پوتر، ١٣٨١: ١٢٠-١٢١). واتا مرۆڤی ناچار کردووە بەرهەمی ئەزموونە جۆربەجۆرەکانی خۆی لە خۆشی، ناخۆشی، ترس، خۆشەویستی، حەز و هتد ژیانی ڕۆژانەی خۆی لە قاپلۆخی نیشانە زمانییەکاندا داڕێژێت تا لە لایێک هەست و نەستی خۆی دەرببڕیبێت و لە لایێکی دیکەشەوە بەرهەمی ئەزموونی خۆی بە دەستی بەرەکانی داهاتووی بگەیێنێت.

بێ‌گومان مرۆڤ لە سەرەتای هەبوونی خۆیەوە خاوەن ئەم سامانە زمانییە پێشکەوتوو و ئاڵۆزە نەبووە و بە درێژایی تەمەنی خۆی لە سەر زەویدا هەوراز و نشێوێکی زۆری بڕیوە و ئەزموونێکی فراوانی کۆ کردووەتەوە تا زمان بێنێتە ئەو ئاستەی ئێستا دەیبینین و بە باشترین شێوە کەڵکی لێ

وەردەگرین. مەرۆڤی ئەمڕۆ بە دەگمەن بیر لە تێپەڕبوونی ئەم مەودا زۆرە دەکاتەوە، یان ڕەنگە هەرگیز بە بیریدا نەیات و بەم بۆنەوە زمان بە شتێکی خوویا دانێت. «زمان وەها لە تانوپۆی ژیانی کۆمەڵایەتیماندا تەنراوە کە ئێمە هەبوونەکەی بە ڕوون دەزانین» (باطنی، ۱۳۷۴: ۱۲).

هاوشان لەگەڵ زماندا، پێشکەوتنی خودی مرۆڤ و گەشە و پێشڤەچوونە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکەشی لە داوێنی زماندا بە باشی سەری گرتووە. «گەشە و گۆڕانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لە ڕێگای کۆمەڵگاوە سەر دەگرێت و تەنیا ئامرازێک کە کۆمەڵگا بۆ ئەم ڕەوتە هەیەتی، هەر زمانە» (هەمان: ۱۴). کەوایە، کۆمەڵگا تا ئەو جێگا کە بۆی بلوێ، لە ڕێگای زمانەوە هەموو شتێکی بە مرۆڤ بەخشیوە؛ واتە هەم خودی زمان و هەم سامانە واتامەندە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگای زمانەوە گەیشتوونەتە ئاستی ئەمڕۆی خۆیان و بە ڕادەی پێویستی خۆیان ماونەتەوە. بەم بۆنەوە، «زمان و فەرهەنگ پەیوەست و گرێدراوی یەکترن، چونکوو زمان ئامرازی گواستنەوەی فەرهەنگە و لە هەمان کاتیشدا هیچ زمانێک بە بێ فەرهەنگ هەبوونی نییە» (سبکتکین و همکاران، ۱۳۹۲: ۵۸). ئەگەرچی ئێمە وەک مرۆڤی سەردەم لە ڕێگای زانست و توێژینەوەی نوێ لە سەر زمان و فەرهەنگ، جێگە و پێگە و بایەخی زمان و فەرهەنگ و پەیوەندیی نێوانیانمان بۆ ڕوون بووەتەوە، بەڵام «پێش لەوەی سەبارەت بە زمان، ناسینی زانستی بە دەست بێنین، زمان وەکوو نوێنەری فەرهەنگ لە کۆمەڵگادا هەر بووە» (تکمیل‌همایون، ۱۳۸۱: ۸۳).

هەر زمانێک بۆ خۆی خاوەن تایبەتمەندییە و لە دەربڕینی هەست و نەستی خاوەنەکەیدا شێوازێکی خۆماک ڕەچاو دەکات کە لە زمانێکی تردا دەرناکەوێت. هۆکاری ئەم جیاوازییە بۆ فەرهەنگ دەگەڕێتەوە کە گرێدراوی زمانە. لە ڕاستیدا فەرهەنگ و زمان گرێدراوی یەکترن و هەر گۆڕانکارییەک لە لایەنێکیاندا کاریگەریی بە سەر لایەنە بەرابەرکەیەوە دادەنێت. «هەر زمانێک بۆ دەربڕینی ویستی ناخی دەروون، شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە نیشاندەری چەشنە ڕوانینێکی جیاواز بۆ ژیانە. ئەم ڕوانینە بە شێوازێکی هەستپێنەکراو، کاریگەری لە سەر بیرکردنەوەی تاکەکان دادەنێت. کاتێک زمان پێناسەی ئەزموونی پێشینیانە، ئەوا شێوازی بیرکردنەوە و چێژ و سەلیقەی هەر نەتەوەییێک لە نێویدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەگەر ئەم تایبەتمەندییانە نەناسین، ئەوا ناتوانین لە ڕۆح و مەبەستی ڕاستەقینەی زمان کە خۆی نوێنەری فەرهەنگ و ژیاری نەتەوەییێکە، بگەین» (نراقی، ۱۳۸۶: ۲۲۵). تێگەیشتنی هەڵە یان ناتەواو لە ڕۆحی زمان، تێگەیشتنی هەڵە لە ڕۆحی مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە. کاتێک دەتوانین مرۆڤەکانی دەوروبەرمان بە باشی بناسین کە گشت ڕوانینە جیاوازەکانیان بۆ جیهان بناسین. باشترین و پێشکەوتووترین ئامراز بۆ تێگەیشتن لە ڕوانینی مرۆڤیش

هەر زمانە کە دەتوانێت، وەکوو گرینگترین نیشانەی هەر فەرهەنگێک خاوەنەکەی پێناسە بکات (کەمانگەر، ۲۰۱۴: ۱۰۷).

**٤- کۆئەندامەکانی زمان**

زمان بۆ خۆی بابەتێکی گشتییە کە لە جیهانی زمانناسیدا وەک سامانێکی ڕێکوپێک و لە هەمان کاتدا پێچەڵپێچی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت. «زمان وەک دیاردەیێکی کۆمەڵایەتی شتێکی یەکجار ئاڵۆز و سەرسووڕهێنەرە» (شێخەیب، ۲۰۱۴: ۴۱). دیاردەیێکی ئاڵۆز کە وەک گشت شتێک لە سروشتەوە هاتووە. «زمان ئاڵۆزترین دیاردەی سروشتە» (شوانی، ۲۰۰۱: ۱۴) و مرۆڤ بە ئەزموونی زۆر دوورودرێژی خۆی توانیویە پێکهاتەیێکی یاسامەندی پێ بدات و بۆ پەیوەندی لەگەڵ هاوچەشنی خۆیدا بە کاری ببات. واتە «تاکەکانی کۆمەڵگا بە بۆنەی تێگەیشتن لە مەبەست و ئامانجی یەکتر و هەروەها بۆ پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا هێمانەکانی زمانیان دارشتووە» (باقری، ۱۳۷۸: ۱۱). ئەم هێمان یان کۆئەندامانە بیچمێکی ساماندایان بە زمان داوە کە ڕێگا بە هیچ بەکارهێنان و ئاڵوگۆڕێکی دەرەوەی بازنەی ئەو سامانە نادەن و تەنانەت تاکەکانی کۆمەڵگای خاوەن زمانیش ناتوانن لە خۆیانەوە و لە دەرەوەی بازنەی باوەرەکاندا دەست بۆ گۆڕانی سامانەکە ببەن.

سامانی زمان لە خۆیدا خاوەنی چەند بەشە کە بە پێی خواستی پسپۆڕانی ئەم بوارە لە قەبارەی چەند پۆلێنبەندیی جیاوازدا دابەش دەکرێت. هێندێک لە زانایان زمانیان بە چەند کۆئەندام یان دامودەزگا دابەش کردووە.

دەکرێ پێکهاتەی زمان، پێکهاتوو لە سێ کۆئەندام بزانین: کۆئەندامی دەنگی یان فۆنۆلۆژی، کۆئەندامی ڕێزمانی یان گرامەر و کۆئەندامی وشەکان یان وۆکەبیوڵەری[6]. کۆئەندامی دەنگی هەمان سامانی نێوان هێمانە دەنگییەکانی زمانە؛ ڕێزمان یان گرامەر هەمان سامانی نێوان هێمانە واتادارەکانی زمانە؛ و کۆئەندامی وشەکانیش هەمان کۆمەڵەوشەن کە خاوەنزمانەکان دەتوانن بە کاریان ببەن (باطنی، ۱۳۷۴: ۱۶).

هێندێکی تر لە زانایان یان قوتابخانە زمانییەکان، زمان لە چەند ئاستدا دابەش دەکەن و لە دابەشکردنەکەیاندا زمان لە ئاستگەلێک وەک ۱- بێ‌مانا: فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی و ۲- بەمانا: مۆرفۆلۆجی و سینتاکس؛ یان لە سێ ئاستی ۱- دەنگسازی ۲- ڕێزمان: وشەسازی و ڕستەسازی ۳- واتاسازی؛ یان ۱- دەنگسازی: فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی ۲- ڕێزمان: وشەسازی و ڕستەسازی ۳- واتاسازی: واتاسازی و پراگماتیکدا دادەنێن (شێخەیب، ۲۰۱۴: ۵۴-۵۵ کورتکراو). ئەگەرچی ئەم پۆلێنبەندیانە لە وردەکاریدا جیاوازیان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا کۆئەندامەکانی زمان لە سێ ئاستی

6. Vocabulary

دەنگی، ڕێزمانی و وشەییدا پۆلێنبەندی دەکرێن و هەر بەشێک گرینگیی خۆی هەیە و لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا بۆ بواری تایبەت بە خۆی کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

یەکێک لە کۆئەندامەکانی زمان کە دەتوانێت بە ڕادەیێکی لەبار لە ناسینەوەی نەتەوەی خاوەنزمانەکەدا یارمەتیدەر بێت، کۆئەندامی وشەیە. ئەم کۆئەندامە لە دەروونی خۆیدا خاوەن واتای سەربەخۆیە و بەم بۆنەوە دەتوانێت پیشاندەر و نوێنەری بیر و بۆچوون و جیهانبینیی داهێنەران و بەکارهێنەرانی بێت. مرۆڤ لە جێکردنەوەی واتا لە وشەدا یەکەمین هەنگاوی بۆ داڕشتنی وشە بۆ بابەت و دیاردە دەرهەستە هزرییەکان هەڵگرت، ئینجا لە خشتەیێکی گەورەتر، واتە ڕستە و دەقدا واتا، بیرک و گەورەواتای دانا. مرۆڤ دەتوانێت بە ئاسانی هەر جۆرە بیر و بۆچوون و واتاییێک لە ڕستەدا بئاخنێت، بەڵام ئاخنینی واتا لە وشەکاندا بە هۆی باری ڕێزمانی و ئابووریی زمانەوە بە ئاسانی سەر ناگرێت و هەر تاکێکی کۆمەڵگا توانستی داڕشتنی وشەی نییە، واتە وشەکانی زمان زۆرتر لە لایەن سەرچڵی تاکەکانی کۆمەڵگاوە داهێنراون، ئینجا سەرجەم یان لانی کەم زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگا پەسەندیان کردوون و لە دوایدا خستوویانەتە نێو خەزێنەی وشەدانی زمانەکەیانەوە و لە کاتی پێویستدا بە کاریان بردوون.

کەوایە وشەکان دەتوانن نوێنەرێکی باش بۆ فەرهەنگ و ژیاری هەر نەتەوەیێک بن. «زانستی زمانناسی تا ئێستا هیچ گۆڤاییێکی نەدۆزیوەتەوە تاکوو پەیوەندیی نێوان جۆری ژیار و فەرهەنگی نەتەوە لەگەڵ جۆری پێکهاتەی زمانەکەیاندا بسەلمێنێت، بەڵام لە نێوان وشەکانی زمان و فەرهەنگ و ژیاری کۆمەڵگادا پەیوەندییەکی زۆر نزیک هەیە و دەکرێ ببێژرێت وشەکانی زمان نوێنەری فەرهەنگی خەڵکێکن پێیان قسە دەکەن» (باطنی، ۱۳۷۴: ۱۸). کەوایە، کاتێک باسی نوێنەرایەتیی زمان بۆ فەرهەنگ دەکرێت، ئەوا مەبەست لە زمان، لە ڕاستیدا کۆئەندامی وشەیی زمانە نەک کۆئەندامەکانی دەنگی یان ڕێزمانی؛ ئینجا ئەگەر ڕۆژگارێک بێت و کاریگەریی ئەم دوو کۆئەندامەی زمان لە نوێنەرایەتیی فەرهەنگ و ژیاری کۆمەڵگادا بسەلمێندرێت، ئەوا هێشتا لە چاو کاریگەریی کۆئەندامی وشەییدا کەمتر یان زۆر کەمتر دەبێت.

## ۵- وشەی دووگیان

وشەی دووگیان لە فەرهەنگە جۆربەجۆرە کوردی (کوردی- کوردی- فارسی- عەرەبی) و فارسییەکاندا (فارسی- کوردی) لە ژێر وشەی خودی «دووگیان»، «ئاوس»، «باردار» و «آبستن»دا بەم شێوە هاتووە: «دووگیان: دووجان، زگ‌پڕ، ئاوس» (*فەرهەنگی زانستگای کوردستان*، ۲/۱۳۹۷: ژێروشەی دووگیان). «ئاوس: ژنی زكپڕ، دووگیان، گیانلەبەری زكپڕ» (نانەوازادە، ۲۰۰۵: ۱۶۳).

«دووگیان: زن حامله» (سهرابی و هاوکاران، ١٣٩٠ :٢٢١). «دووگیان: حاملة، حبلی» (نیزامەدین، ٢٠٠٣ :٢٤١). «باردار: باردار، دووگیان، زكپڕ، ئاوس» (فەرهەنگی هەژیر، ٢٠٠٨: بەرگی یەکەم: ١٧١). «آبستن: ئاوس، دووگیان، حامڵە، زكپڕ، زەیسان» (ابراهیمپور، ١٣٧٣: ٢٤). هەر وەک لەم فەرهەنگانەدا دیارە، وشەی دووگیان یەکێک لە زاراوە تایبەتەکانی زمانی کوردییە و بۆ ژنێک بە کار براوە و بەردوام بە کار دەبرێت کە ئاولەمە لە نێو منداڵدانیدا گرساوە و ژیانی نۆ مانگەی خۆی دەست پێکردووە. ئەو جۆرەی لە فەرهەنگەکاندا بینیمان، ئەم وشە زۆرتر لە زاراوە کوردییەکانی ناوەڕاست و باشووردا دەرکەوتووە.

خزمایەتی و نزیكبوونی دوو زمانی کوردی و فارسی وای کردووە وشەی هاوبەشیان زۆر بێ؛ بەڵام لەم ڕووەشەوە وشەی دووگیان تەنانەت وەک بەرابەری وشە بە وشە یان وەرگێڕاو لە زمانی فارسییدا نییە (بۆ وێنە، بڕوانە فەرهەنگەکانی دێهخودا، موعین و عەمید) و بگرە هاوشێوەشی لە هیچ زمانێکی تردا نەدۆزرێتەوە. هۆکاری ئەم گرێخواردنەی وشەی دووگیان بە زمانی کوردییەوە بۆ فەرهەنگی تایبەت و کۆمەڵگای کوردی دەگەڕێتەوە، چونکوو «زمان ئاوێنەی ژیانە و دیاردەکانی بە وشە تیا ڕەنگ دەداتەوە» (شوانی، ٢٠٠١: ١٤).

وردبوونەوە لە سەر وەها وشەیێک و هاوشێوەکانی لە زمانی کوردیدا دەتوانێت بۆ ناساندنی فەرهەنگ و شارستانییەتی کورد یارمەتیمان بدات. لەم وتارەدا، لێکۆڵینەوەی وشەی دووگیان وەکوو میناک دەتوانێت پێناسەیێکی لەبار سەبارەت بە کورد و بەشیکی زۆر بچووکی زمانی کوردیمان پێشکەش بکات، واتە سەرنجدانی ئەم وشەیە لە دوو باری مرۆڤناسانە و زماننناسانەوە دەتوانێت هێندێک لە خاڵە گرینگەکانی فەرهەنگ و زمانی کوردیمان بۆ ڕوونتر بکاتەوە؛ زمانێک کە سەرەڕای هەڵبەزدابەز و هەورازونشێوێکی زۆر، پەیوەندیی لەگەڵ فەرهەنگەکەیدا نەپچڕاوە و زەبیحی وتەنی «بە ڕاستی جێگای سەرسووڕمانە کە زمانی کوردی لە هەنگامەی ڕۆژگارانی ڕابردوودا کەڵانە دەرباز بووە و ئیمڕۆ لە مەیدانی پێشکەوتندا بەرەو تەکامول پەل دەکوتێ؛ مێژوو نیشانمان دەدا گەلێ زمانی وا لە ناو چوون و ئاسەواریان بڕاوەتەوە کە دەیەکی ئەوەی بە سەر زمانی کوردی هاتووە، بە سەر ئەواندا نەهاتووە» (زەبیحی، ١٤٠٢: ١٢). بێ گومان، پەیوەندیی زۆر بەهێز و قایمی فەرهەنگ و زمانی کوردییە کە زمانی کوردیی لە بەرابەر تەنگوچەڵەمەی ڕۆژگاردا هێشتووەتەوە و سەری سووڕهێناوین و لە دواڕۆژیشدا بە دڵنیاییەوە دەتوانێت لە پێشڤەچوون و پێشکەوتنی زمانی کوردی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی زانست، تەکنۆلۆجیا، فەلسەفە، هونەر و هتد کاریگەرییەکی سەرەکی ببێت.

## ۵-۱- لایەنی مرۆڤناسانەی وشەی دووگیان

وشەی دووگیان بە واتای دوو مرۆڤە، واتە لە جەستەی مرۆڤی دووگیاندا دوو گیان یان دوو ڕۆح هەیە کە یەکێکیان خودی دایکەکە و ئەوی دیکەشیان ئاولەمەی نێو مندالْدانی ئەو دایکەیە. وشەییێک لەم جۆرە لە خشتوخالْیەوە داناهێنرێت، بەلْکوو داهێنانەکەی پێویستی بە ئەزموون و پاشخانێکی فەرهەنگی-کۆمەلایەتی هەرە دەولْەمەندە کە ڕەچاوکردنی جێگەوپێگە و ڕێزی مرۆڤ لە لای داهێنەران و بەکارهێنەرانییەوە نیشان دەدات. ئەم وشەیە خاوەن بارێکی واتایی زۆر گرانە و لە بەکارهێنانیدا مرۆڤ ناتوانێت بیر لە مافەکانی ژنی دووگیان نەکاتەوە و بۆ چرکەیێکیش بووە، خۆی لە بەرابەری وەها کەسێکدا بە هەستیار نەزانێت. کەوایە، دەبێ گشت مافە مرۆڤی و کۆمەلایەتییەکانی ژنی دووگیان دووهێندەی یەک مرۆڤ بپارێزرێت.

ئەم وشەیە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا ئاکار و ڕەوشتی کۆمەلایەتیی کوردمان بۆ دەردەخات، چونکوو «ڕەوشتی زمانیی ئێمە بەشێک لە ڕەوشتی کۆمەلایەتیمانە و لە ڕاستیدا بە چڕی گرێی پێوە خواردووە» (باطنی، ۱۳۷۴: ۲۰۹). واتە، هەرچی لایەنی مرۆڤی و ڕێزی مرۆڤی لە وشەدا زۆرتر لە بەر چاو بگیرێت، ئەوا ڕێ و ڕەوشتی کۆمەلْگاکە مرۆڤانەترە. وشەی دووگیان وەکوو ئاوێنەیێکی کۆمەلْگای کوردی دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە پێگە و ڕێزی مرۆڤی لە لایەن تاکەکانی ئەو کۆمەلْگاوە تا ڕادەیێکی زۆر پارێزراو بووە. ڕەگەکانی وەها کۆمەلْگاییێک لەم دوواییانەشدا سەرنجی گەڕیدە ڕۆژئاواییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. حەمەڕەش لە زمانی ڕیچ[7]، گەڕیدەی بەناوبانگەوە سەبارەت بە ئافرەتی کورد و دراوسێکانییەوە دەلْێت: هەلومەرجی ژنان لە کوردستاندا زۆر باشترە لە دراوسێکانیان؛ مێردە کوردەکان بە یەکسانی مامەلْە لەگەلْ ژنانیاندا دەکەن (حەمەڕەش، ۲۰۲۲: ۹۶).

وەک بەراوردێکی سەرسەری و ساکار لە نێوان وشەی دووگیان لە زمانی کوردی و باردار لە زمانی فارسی یان حامێلە (حاملة) لە زمانی عەرەبیدا، بە ڕوونی دیارە مرۆڤی کورد وەکوو ئامێرێکی هەلْگر سەیری ژنی دووگیانی نەکردووە، بەلْکوو لە ئەوپەڕی ڕێز و مرۆڤایەتییەوە بۆ ئەو دۆخەی ڕوانیوە. لە وشەی باردار یان هاوواتاکانی لە زمانە ناوبراوەکاندا نە پێگەی مرۆڤیی خودی دایک لە بەر چاو گیراوە و نە پێگەی ئاولەمەکەی؛ دایک وەک ئامرازێکی خاوەن دێرایشێکی تایبەتە کە پڕ بووە و ئاولەمەکەش وەک شتێکی بێ‌گیانی نامرۆڤی و لە هەمان کاتدا وەک بارێک لە بەر چاو گیراوە کە لە سەر ئامێر یان هەلْگرێکدا دانراوە. وەها وشەیێکی بەهێز، تەنانەت لە زمانێک وەک زمانی ئینگلیزیشدا نابینرێت کە یەکەمین و زیندووترین زمانی ئێستای جیهانە.

---

7. Claudius James Rich (1787- 1821)

هەروەها وشەگەلێکی دیکە لە زمانی کوردی و زمانە ناوبراوەکانی سەرەوەدا هەن؛ بۆ وێنە، ئاوس یان ئاڤز لە زمانی کوردی و آبستن (Abésten) لە زمانی فارسیدا. خاڵی گرینگ لێرەدا ئەوەیە وشەی دووگیان دەرخەری ئەزموونێکی فراوانتر و ڕوانینێکی پێشکەوتووانەتر و مرۆڤانەتری کورد بۆ دۆخی ژن لەو کاتە تایبەتەدایە. واتە وشەی دووگیان دەرخەری بابەتێکی دەرهەستە و نیشاندەری گەشەی زمانی کوردی و بیر و هزری کوردە. لە بەرابەردا، وشەی ئاوس یان آبستن دەرخەری ئەزموونێکی سەرەتاییتری کورد و فارسە بەرابەر بە ژنی دووگیان، واتە ئەم دوو وشەیە کە لە ڕاستیدا هەر یەکێکن، تایبەت بە بابەتی بەرهەستن. وشەی ئاوس (آبستن) پیشاندەری ڕوانینی فیزیۆلۆژیانەیە و وشەی دووگیانیش پیشاندەری ڕوانینی مرۆڤانەیە. واتە ڕوانینی فیزیۆلۆژیانە تایبەت بە بابەتی بەرهەستە و ڕوانینی مرۆڤانەش تایبەت بە بابەتی دەرهەستە.

لایەنێکی دووگیانی، ئاولەمەیە. لە ئایینە تاکپەرەستییەکان و بە تایبەت ئاینی ئیسلامدا ئاولەمەش بۆ خۆی مافی تایبەت بە خۆی هەیە. لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: «ئێمەین مرۆن لە قوڕێکی خۆشکراو دروست کرد. ئەوسا کردمانە تنۆکێک لە بنکەیێکی پتەودا. پاشان هەر لەو تنۆکەوە خوێنی پندرمان پێک هێنا و لەو خوێنەوە پلەگۆشتێکمان ساز کرد و ئەوسا لە پلەگۆشتەکە هەستین چێ کرد؛ هەستینەکەشمان خستە ناو پۆشەنێ لە گۆشت. لەپاشانا کرمانە چێکراوێکیتر» (المؤمنون: ١٣– ١٥). باسی گیانخزان بۆ نێو لەشی ئاولەمە هەمیشە لە لای زانایانی ئایینی و دادوەریدا جێگای مشتومڕ و سەرنج بووە. لە گشت ئایینەکاندا، ڕاڤەکاران و زانا ئایینییەکان بە کەڵکوەرگرتن لە دەقە ئاسمانییەکان ڕاڤەیێکی جیاوازیان سەبارەت بەم بابەتە پێشکەش کردووە. لە زانستە مرۆییەکان و بەتایبەت ئاولەمەناسیدا[8] بایەخێکی زۆر بە کاتی خزانی گیان بۆ نێو لەشی ئاولەمە دراوە و بەردەوامیش توێژینەوەی لە سەر دەکرێت. «لە ئورووپادا کاتی خزانی گیان بۆ نێو لەشی ئاولەمە و ئەوەی کە لە چ وەختێکەوە مرۆڤ دێتە هەژمار، یەکێک لە باسە سەرنجڕاکێشەکان بووە و لە کۆنەوە تاکوو ئەمڕۆ، بۆچوونگەلێکی جۆربەجۆر لە نێو زانایان و هزرمەندە ئایینییەکاندا بووە» (ساریخانی و همکاران، ١٣٩٩: ١٣٢).

بێگومان بایەخی مرۆڤ بە جەستە و پۆشەن و سامان و دارایی نییە، بەڵکوو بایەخی لە مرۆڤبوون و بە بۆنەی ڕۆح و گیانێکە لە نێو مرۆڤەکاندا یەکسانە. گیانی مرۆڤە کە لە هەموو بیر و بۆچوونێکدا بایەخ بە خاوەنەکەی دەدات. «لە ئامۆژەی ئایینە ئاسمانییەکان و بەتایبەت ئیسلامدا، مرۆڤ لە دوای خوداوەند گرینگترین تەوەرە» (تاجفر و همکاران، ١٣٩٨: ٤٩). گرینگی مرۆڤیش بە بۆنەی ڕۆح و گیانێکی تایبەتە کە کاتی خزانەکەی بۆ نێو لەشی لە ئایین و بیر و

---

8. Embryology

بۆچوونە جۆربەجۆرەکاندا جێگای باسە و بە ڕوونی یەکلا نەبووەتەوە. ئەم بابەتە لە فەرهەنگ و زمانی کوردیدا یەکلا بووەتەوە، واتە ژیانی مرۆڤ تێکڕا بایەخی بۆ دادەنرێت و ئاولەمە لە کاتی گیرسانییەوە لە منداڵدانی دایکیدا و لە یەکەم چرکەساتەکانی هەبوونییەوە لەوێدا وەکوو مرۆڤێکی خاوەن ڕۆح و گیان چاوی لێ دەکرێت و ئینجا خاوەن مافە تایبەتەکانی خۆیە کە دەبێ بپارێزرێن.

دیاریکردنی تەمەنی وشەکان بە ئاسانی سەر ناگرێت و پێویستی بە لێکۆڵینەوەیێکی زانستیی تۆکمە هەیە. وشەکان لە دڵی خۆیاندا خاوەن نیشانە و هێماگەلێکن کە خەملاندنی تەمەنیان تا ڕادەییێک ئاسانتر دەکات. ڕەنگە و بگرە بە ئەگەرێکی زۆرەوە مێژووی داهێنانی وشەی دووگیان بۆ سەردەمی دایكسالاری بگەڕێتەوە؛ واتە سەردەمێک کە دایک لە بنەماڵەدا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە و خاوەن پێگە و ڕێزێکی تایبەت بووە. ئەگەرچی دایكسالاری لە چەند هەزارەیێکی پێش زایینەدا کەوتە بەر شاڵاوی باوكسالارییەوە، بەڵام لە ئوستوورە، باوەڕ و دابونەریت و زمان و زۆر شتی دیکەی کۆمەڵگاکاندا ڕەنگی داوەتەوە. «دایكسالاری لە هەزارەی شەشەم تاکوو هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە لە کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکاندا بەرەبەرە و بە شێنەییەوە جێگای خۆی بۆ باوكسالاری چۆڵ کرد» (قرشی، ۱۳۸۱: ۱۰۱). بەڵام سەرەڕای ئەم جێگۆڕکێیەش، ئاسەوار و شوێنەپێی فەرهەنگی دایكسالاری و ژنسالاری لە بۆارە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگادا ماوەتەوە کە گرینگترینیان زمانە.

زمانی شاعێر و نووسەران وەکوو میناکێکی لەبار، ناوەناوە کانگای ئەو جۆرە فەرهەنگە بووە؛ واتە لە ڕێگای زمانەوە خودئاگایانە و ناخودئاگایانە لایەنی دایكسالاریان گرتووە و خستوویانەتە نێو بەرهەمەکانیانەوە. «دایکی نیشتمان هەر لە مێژە بە شێوازگەلێکی جۆربەجۆر بووە و بە تێپەڕبوونی کات و بەسەرچوونی سەردەمی ئوستوورە و هاتنی سەردەمی ئایینەکان بەرەبەرە کاڵ بووەوە و لە ژێر سێبەری پیاوسالاریدا پەنای گرت. ئەم کۆنەمیناکە هەرگیز شوێنەپێی خۆی لە بیر و هزری مرۆڤدا ون نەکردووە و بەردەوام لە ناخودئاگای مرۆڤایەتیدا درێژەی بە سەروەریی خۆی داوە» (سلمانی‌نژاد مهرآبادی و هاوکاران، ۱۳۹۹: ۱۳). هەروەها، ڕەنگە وشەی دووگیان لە لایەن ژنانەوە داهێنرابێت و وەک میراتێکی سەردەمی دایكسالاری لە زماندا مابێتەوە، چونکە «گرینگترین داهێنەرانی زمانی کاڵی سەرەتایی (۴۵ تا ۵۰ هەزار ساڵی پێش) هەمان دایک و ژنگەل بووگن کە یەکەم پیت فێری منداڵەکان دەکەن. ئەمڕۆکە هەرچی سەبارەت بە زمانی کاڵی سەرەتایی بڵێین، نەک هەمووی کە زۆربەی قەرزداری ژنان بووە» (قرشی، ۱۳۸۱: ۲۰۴). کەوایە، کاتێک دایک سالاری بنەماڵە و کۆمەڵگا و هەروەها ژنانیش لە داهێنانی زمانی کاڵی سەرەتاییدا ڕۆڵێکی سەرەکیان هەبووبێت، ئەوا

بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەتوانین بڵێین واتا و وێنای وشەی دووگیان میراتی سەردەمی دایکسالارییە و لە لایەن ژنانەوە داهێنراوە و تەمەنێکی لانیکەم دوو تا سێ هەزار ساڵەی هەیە.

ڕەنگە خودی وشەی دووگیانیش (دوو + گیا + ن، یان دوو + گەیە + ان) بەم شێوەیە نەبووبێت و کەڵک لە وشەیێکی دیکە وەرگیرابێت، بەڵام ئەو وشە نادیارە زۆرکۆنەش هەمدیسان هەڵگری ئەم ڕوانین و بیرکردنەوە مرۆڤانە بووە کە وشەی دووگیان خاوەنییەتی. لە پاڵ ئەمەشدا دەتوانین بڵێین لایەنێکی پیرۆزیش لە وشەی دووگیاندا هەیە کە سەردەمی دایکخوایی و ژنخوایی لە کوردستانی دێریندا وە بیر دێنێتەوە. «لە کوردستانی دێریندا هەتا وەک ئەمڕۆ، دەسەڵات و فەرهەنگی بێگانە و پیاوسالاری خۆی نەسەپاندبوو، لە هەموو ماڵاندا خوان و نان و خۆراک و وردەدانی ماڵان، زۆرتر لە دەستی دایک و "نەنێ" و دایەگەورەکاندا بووە، چونکە خاوەنی جێگە و پێگەیێکی بەرز و ڕێزدار بوون. وێدەچێ بنەمای ئەو پێگە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی دایک بگەڕێتەوە بۆ نینسابا[9] و ئیزەدخاتوونی سوومەری» (لوقمانی، ١٤٠٢: ٢٨).

سۆران حەمەڕەش لە زمانی مەلا مەحموودی بایەزیدییەوە سەبارەت بە دابونەریتی کورد لە دەیەی یەکەمی زایینییدا دەڵێت: «زۆر کورد ناوی یەکەمی دایکیان لەبری ناوی باوکیان یان نازناوی خێزانیان بە کار دەهێنن» (حەمەڕەش، ٢٠٢٢: ٩٨ لە بایەزیدییەوە گێڕاویەتەوە). «ساڵانی زوو لە گوندەکاندا هەندێ بنەماڵە کە تاقەکوڕێکیان هەبوو، کوڕەکە بە ناوی دایکیەوە زۆرتر دەناسرا تا وەک باوک» (لوقمانی، ١٤٠٢: ٤٦). شایانی ئاماژەیە کە هەر ئێستا لە سەدەی بیستویەکەمی زایینییشدا، لە زێدی نووسەری ئەم وتارەشدا[10] (و هەروەها بگرە زۆر گوند و ناوچەی دیکەی کوردەواریشدا)، نێوی زۆر کەس لە پیاوانی بەتەمەن و کوڕانی کەمتەمەن و لاویش بە نێوی دایکیەوە بەستراوە و بەوەوە دەناسرێت؛ وەک حسەین جەلال[11]، عەبدوڵا گەوهەر و هتد. تەنانەت نێوی هێندێک لە پیاوەکانی شوێنی ئاماژەپێکراو بە نێوی ژنەکانیانەوە ناسراوە وەک حەسەن زەریفە، عەبدوڵا گوڵباخ و هتد.

پیرۆزی و جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتیی دایک لە لایێک و پیرۆزی و پێگەی ڕۆح و گیانی مرۆڤ لە لایێکی دیکەوە وای کردووە کورد بەرابەر بە ژن و ئاولەمەی نێو منداڵدانییەوە وشەی

---

9. Ninsaba

یەکێک لە ژنخواکان یان ئیزەدخاتوونەکانی سوومەریی؛ خودای داهێنان و کشتوکاڵە. خوێندن و نووسینی داهێناوە و خەڵکیشی فێر کردووە. (لوقمانی لە لاپەڕەی ٢٧دا لە ئینسیکۆلپیدیای باستانەوە گێڕاویەتەوە).

١٠. گوندی تووارمەڵا لە ناوچەی کەڵاتەرزانی سەر بە شاری سنە.

١١. جەلال لێرەدا بۆ ژن بە کار براوە و لە ڕاستیشدا نەنکی نووسەری وتارەکەیە.

پیرۆز، پڕواتا و بەنرخی «دووگیان»ی بۆ داڕێژێت. لە ڕووی پێکهاتە و واتای ئەم وشەوە وا دیارە لە دوای وشەی ئاوس یان ئاڤزەوە داهێنرابێت، واتە کاتێک کورد ئەزموونێکی بەربڵاوی سەبارەت بە بابەتە بەرهەستەکان بە چنگ خستووە و هێدی‌هێدی بیری لە چەمک و بابەتە دەرهەستەکان کردووەتەوە و بەش بە شانی خۆی وشەی بۆ هێندێک یان زۆربەیان داهێناوە. ئەمە دەرئەنجامی گەشە و پێشکەوتن و پەرەسەندنی بیر و هزری کورد لە کۆمەڵگا و هەووەها کراوەیی و پێکەوەژیانێکی ئاشتیخوازانەیە کە تا ڕادەیێک لە وشەی دووگیاندا بە جوانی دەردەکەوێت.

### ۵-۲- لایەنی زمانناسانەی وشەی دووگیان

دووگیان وشەیێکی لێکدراوە کە لە دوو پاژی «دوو» و «گیان» پێک هاتووە (ڕەنگە خودی وشەی گیانیش لە دوو بەشی «گیا» و «ـن» پێک هاتبێت). دوو لە زمانی ئاوێستایشدا -کە لە کوردییەوە زۆر نزیکە و هێندێک و بگرە زۆر کەسیش دەڵێن یەکێکن و ئاوێستایی بە سەرچاوەی کوردی دادەنێن- هەیە. ژمارەی دوو «دوَ / دوَە: dva = دو[۱۲]» (بهرامی، ۱۳۶۹/ ۲: ۷۸۰؛ خوشحالی، ۱۳۷۹: ۲۰۱) بە هەمان شێوەی ئەمڕۆکە تۆمار کراوە. وشەی گیانیش لە زمانی ئاوێستاییدا بە شێوەی «گَیَ / گَیَە:gaya = جان، زندگی[۱۳]» (بهرامی، ۱۳۶۹/ ۱: ۴۶۰؛ خوشحالی، ۱۳۷۹: ۲۱۲) هاتووە. کەوایە، ڕیشەی هەر دوو وشەکە لە زمانی ئاوێستاییدا هەیە و دەکرێ بڵێین لە کوردیشدا هەبووە. بە گریمانەی ئەوەی کە ئەم دوو وشە لە زمانی کوردیشدا هەر بەم شێوە بێژە کرابێت، ئەوا دەتوانین بڵێین ڕەنگە ڕەوتی داڕشتنی وشەی دووگیان لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە بووبێت:

دوو یان دوە + گەیە ← دووگەیە یان دوەگەیە ← دووگەیان یان دوەگەیان ← دووگیان یان دوگیان

بە وتەیێکی دیکە، دەتوانین بڵێین وشەی دووگیان لە سێ بەشی دوو، گەیە یان گەی، و ان پێک هاتووە کە بەشی یەکەم و دووهەم دوو وشەی سەربەخۆن و بەشی سێهەمیش پاشگری داڕێژەری ناو و ئاوەڵناوە. لە هەر حاڵدا، ئەم دوو لێکدانە زۆر لە یەک نزیکن و واتای وشەکەش بە پێی هەر دوویان هەر یەک شتە، واتە هیچ جیاوازییەکی واتایی نایێتە ئاراوە.

لێکدان یەکێک لە بەرفراوانترین ڕێکارەکانی پێکهێنانی وشە لە زمانی کوردیدایە و بۆ داڕشتنی وشە لە قەبارەگەلێکی جۆربەجۆردا کەڵکی لێ وەردەگیرێت. وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بە چەند شێوە دادەڕێژرێت کە یەکێکیان لە کۆکردنەوەی ناو یان ئاوەڵناو و ژمارە پێکدێت. «هەر وشەیێکی لێکدراو لانی‌کەم لە دوو ئەندام پێک دێت. هەر کام لەم دوو ئەندامی لێکدانە دەکرێت ناو، ئاوەڵناو،

۱۲. ژمارەی دوو

۱۳. گیان، ژیان

ئاوەڵکردار، ژمارە یان ڕەگ بێت» (کرمی، ١٣٩٦: ١٧٩). ژمارەکان لە پاڵ ئەرکی تایبەت بە ژماردندا کە یەکەم ئەرک و سەرەکیترین ئەرکیان دێتە هەژمار، «لە پێکهێنانی وشەگەلی دیکەی نەژمارییندا[١٤] ئەرکێکی گرینگیان هەیە» (رحیمی، ١٣٩١: ١٢٨). وا دیارە ئەم جۆرە لێکدانە ژمارییینە هەر لە سەرەتای پێکهاتنی زمانی کوردیی نوێوە ئەرکێکی گرینگی جێبەجێ کردبێت و بۆ دەربڕینی زۆربەی واتا و مەبەست و بابەتە بەرهەست و دەرهەستەکان بە کار برابێت.

بێگومان ژمارەکان بە گوێرەی گەشەکردنی مێشکی مرۆڤ، سەرەتا لە داڕشتنی وشەدا بۆ بابەتە بەرهەستەکان و ئینجا بابەتە دەرهەستەکان بە کار براون. بۆ وێنە، ژمارەکان سەرەتا لە وشەگەلێکی بەرهەست وەک «دەلاقە» (دە + لاق و+ ـە، واتە شتێک کە لە دە لاق پێک هاتووە)، دووەوارد (دوو + وارد، واتە دوو شت کە یەکتر یان شتێک دەخۆن= مەقەست)، دوولقان (دوو + لق + ان، واتە دارێک کە بووەتە دوو لقەوە یان ئامرازێک پێکهاتوو لە دارێکی دوو لق)، چوارچێوە (چوار + چێو + ـە، واتە شتێک کە لە چوار چێو پێک هاتووە)، دووملان (دوو + مل و نیشانەی کۆ، واتە دوو کێوی هاوتا کە لە پاڵ یەکتردان و لە ڕووی قەبارەوە وەکوو دوو ملن) و هتد.

ئەم وشانە هەموویان لە سروشت و دەوروبەردا نمینەکێکیان (مسداق) هەیە کە مرۆڤ دەتوانێت بە چاو بیبینێت و بێ هیچ کێشەیێک هەستیان بکات؛ واتە بەرهەستن. لە هەنگاوی دووهەمدا، کاتێک مێشکی مرۆڤی کورد گەشەی کرد و دەوروبەری خۆی باشتر ناسی، بە کەڵکوەرگرتن لە پێکهاتە و واتای وشەی بابەتە بەرهەستە یەکەمەکان، بۆ دەربڕینی واتا پەرەسەندووە دووهەم و سێهەمەکان و هتد وشەی دیکەی داڕشت، واتە دوابەدوای پەرەپێدانی واتا، دەستی بۆ داڕشتنی وشە بۆ دەربڕینی بابەتە دەرهەستەکانیش (بۆ وێنە، لە درکە، خواستن، خوازە و هتددا) برد. بۆ وێنە، ژمارەکان لە قۆناغی دووهەمدا لە وشەگەلی وەک شەشدەم (شەش + دەم، واتە کەسێک زۆر دەڵێت)، سێتەنگە (سێ + تەنگ + ـە، واتە کەسێک کە خاوەن ورگی زلەیە و زۆر دەخوات)، سێودوو (سێ + دوو، واتە دوودڵی و دڕدۆنگی)، دووبەختەکی (دوو + بەخت + ـەکی، واتە هاتونەهاتە و ئاکامی دیار نییە)، دووقۆڵی (دوو + قۆڵ + ی، واتە پێکەوە یان پێکڕا) دەرکەوتن و بەردەوام بۆ وشە نوێکانیش دەردەکەون. بێگومان وشەی دووگیان لە دەستەی دووهەمدایە کە نیشاندەری ئەزموونێکی دوورودرێژی کۆمەڵایەتی-زمانین و بۆ بابەتە دەرهەستەکان بە کار دەبرێن. هەروەها ئەم وشەیە نیشان دەدات زمانی کوردی لە درێژەی تەمەنی خۆیدا وەستاو نەبووە، بەڵکوو بەردەوام لە جووڵە و جمشتدا بووە و شانبەشانی کۆمەڵگا گەشەی کردووە و هەرگیز لە جووڵە نەکەوتووە.

---

١٤. نەژماریی واتە بۆ ژماردن بە کار نەبرێت.

دارِشتنی وشه بە زمارە، لە باوەڕگەلی دێرین و ئوستوورەیی کوردستاندا ڕەنگیان داوەتەوە. بۆ وێنە، لە بەرابەر ئەشکەوتی کەرەفتوو لە شاری دیواندەرەدا تاشەبەردێکی گەورە هەیە کە لە ڕووالەتدا وەکوو لەشی چوار مرۆڤە. خەڵکی ناوچەکە ئەو تاشەبەردە بە چیرۆکی "سێ‌کەنیشک و خەیات" واتە سێ‌کچ و خەیات دەناسن. لە باوەڕی ئەواندا ئەم سێ کچە و خەیاتەکە ئاکاری باشیان نەبووە و بەم بۆنەوە بوونەتە کوچک (بەرد). هەروەها دەتوانین ئاماژە بە ئەستێرەی «حەوتەوانان» بکەین کە حەوت ئەستێرەی نیوکەوانەیین و لە کوردستاندا ناوبانگێکی زۆریان هەیە و لە وێژەی کوردیشدا ڕەنگیان داوەتەوە. لە پاڵ ئەمەشدا، هێندێک لە ژمارەکان وەک حەوت، چل، و سەدوبیست و هتد لە زۆربەی ئایین و باوەڕ و فەرهەنگەکان و بە تایبەت باوەڕ و فەرهەنگی کورددا خاوەن لایەنی پیرۆزی و بەهای تایبەتن و لە هێندێک وشەی پیرۆزدا بە کار براون کە وشەی دووگیانیش دەتوانێت یەکێک لەوانە ببێت.

بە پێی ئەو فەرهەنگ و وشەدانە کوردیانەی ورووژێندراون، وا دیارە ڕۆڵی ژمارەکان لە دارشتنی وشە لە زاراوەکانی ناوەند و باشووری زمانی کوردیدا زۆرتر بێت کە هۆکاری ئەم جیاوازییە خۆی دەتوانێت وەکوو بابەتێکی سەرەکیی وتارێک لە بەر چاو بگیرێت کە پتر لە تاقەتی ئەم وتارەیە. لە لایێکی دیکەوە، وەها ڕێکارێک لە زمانێکی وەک فارسیدا زۆر لاوازە و لە چاو زمانی کوردیدا زۆر نییە کە ئەمەش دەبێ لە جێگای خۆیدا لێی بکۆڵرێتەوە. ڕەنگە و بگرە بە ئەگەرێکی زۆرەوە بتوانرێت هۆکاری ئەم بابەتە لە فەرهەنگدا باشتر بدۆزرێتەوە کە زمان و زۆر شتی دیکەی کۆمەڵگای لە بازنەی بەربڵاوی خۆیدا لە بەر گرتووە.

### ٦- ئەنجام

وشەی دووگیان هەڵگر و نیشاندەری کەرتێکی زۆر بچووکی ئەزموون و پاشخانی فەرهەنگی-کۆمەڵایەتیی هەرە دەوڵەمەندی کوردە. بە لێکۆڵینەوەی وەها وشەگەلێک دەتوانین مرۆڤی کورد باشتر بناسین و سەبارەت بە مرۆڤناسیی کوردی بڕیارێکی لەبارتر بدەین و خوێندنەوەیێکی نوێ لە ئاکارە کۆمەڵایەتییەکانی پێشکەش بکەین. ئەم وشەیە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا ئاکار و ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی کوردمان بۆ دەردەخات و وەکوو ئاوێنەیێکی کۆمەڵگای کوردی، دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە پێگە و ڕێزی مرۆڤ لەو کۆمەڵگایەدا پارێزراوە.

جۆرەڕوانینی مرۆڤانەی وشەی دووگیان بەرابەر بە دایک و ئاولەمە، لە چەشنی ڕوانینی پێشکەوتووتری مرۆڤ و هزری مرۆڤە کە پیشاندەری ئەزموونێکی دوور و درێژی مرۆڤایەتییە و لە شوێن ڕوانینی فیزیۆلۆژیانەی سەرەتاییدا دەرکەوتووە. ڕوانینی فیزیۆلۆژیانە تایبەت بە بابەتی

بەرهەست و ڕوانینی مرۆڤانەش تایبەت بە بابەتی دەرهەستە؛ واتە کاتێک کورد وشەی دووگیانی داڕشتووە کە بۆ پەرەدان بە واتا و هەروەها دیاردەی وشەداڕێژی، قۆناغێکی سەرەکی تێپەڕاندووە. لە پاڵ ئەوەشدا، ئەم وشەیە پیشان دەدات زمانی کوردی لە درێژەی تەمەنی خۆیدا وەستاو نەبووە و بەردەوام لە جووڵە و جمشتدا بووە و شانبەشانی کۆمەڵگا گەشەی کردووە و هەرگیز لە جووڵەی سروشتیی خۆی نەکەوتووە. بە ڕوونی دیارە مرۆڤی کورد، وەکوو ئامێرێکی هەڵگر سەیری ژنی دووگیانی نەکردووە، بەڵکوو لە ئەوپەڕی ڕێز و مرۆڤایەتییەوە بۆ ئەو دۆخەی ڕوانیوە. هەروەها، ڕێزێکی مرۆڤانەی بەرابەر بە ئاولەمەشی دەربڕیوە، واتە لە یەکەم چرکەساتەکانی هەبوونییەوە لە منداڵدانی دایکیدا وەکوو مرۆڤێکی خاوەن ڕۆح و گیان چاوی لێ کردووە.

ڕەنگە مێژووی داهێنانی وشەی دووگیان بۆ سەردەمی دایکسالاری بگەڕێتەوە؛ واتە سەردەمێک کە دایک لە بنەماڵەدا هەروەها خاوەن پێگە و ڕێزێکی تایبەت بووە. هەروەها، ڕەنگە ئەم وشەیە لە لایەن ژنانەوە داهێنرابێت و وەکوو میراتێکی سەردەمی دایکسالاری لە زماندا مابێتەوە. کەوایە، کاتێک دایک سالاری بنەماڵە و کۆمەڵگا و هەروەها ژنانیش لە داهێنانی زمانی کاڵی سەرەتاییندا ڕۆڵێکی سەرەکیان هەبووبێت، ئەوا بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەتوانین بڵێین تەمەنی خودی وشەی دووگیان، یان بیر و ڕوانینی پشتەوەی ئەم وشە و هەروەها واتا و وێناکەی، لانی کەم مێژوویێکی دوو تا سێ هەزار ساڵەی هەیە. لە پاڵ ئەمەشدا دەتوانین بڵێین لایەنێکی پیرۆز لە وشەی دووگیاندا هەیە کە سەردەمی دایکخوایی و ژنخوایی لە کوردستانی دێریندا وە بیر دێنێتەوە.

ڕۆڵی ژمارە لە داڕشتنی وشەی دووگیاندا بەرچاوە. هێندێک لە ژمارەکان لە زۆربەی ئایین و باوەڕ و فەرهەنگەکان و بە تایبەت باوەڕ و فەرهەنگی کورددا خاوەن لایەنێکی پیرۆزی و بەهای تایبەتن و لە هێندێک وشەی پیرۆزدا بە کار براون کە وشەی دووگیانیش دەتوانێت یەکێک لەو وشە پیرۆزانە بێت. وا دیارە بازنەی بەکارهێنانی وشەی دووگیان و هەروەها وشە ژمارییینەکانی دیکە، لە زاراوەی کوردیی ناوەڕاست و خوارێندا بەرفراوانتر لە زاراوەی باکووری بێت. لێکۆڵینەوەی ئەم وشەیە و هاوشێوەکانی دەتوانێت یارمەتییەکی لەباری زانایانی زماننناسیی مرۆڤناسانەدا[15] بدات تا ئەنجامێکی ڕاستەقینەتر سەبارەت بە زمان و مرۆڤ و پەیوەندیی نێوانیان پێشکەش بکەن.

وەکوو دوایین وتە، بەستێنی داهێنانی وشەی دووگیان، هەم لە باری زمانی و هەم لە باری فەرهەنگی کۆمەڵایەتییەوە لەبار بووە؛ واتە ئەگەر فەرهەنگی دایکسالاری و پێکەوەبوون و هەڵکردن لە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوودا نەبوایە و ڕێکارە زمانییەکانی داڕشتنی وشە و دێرایشی زمانی کوردی ڕێگایان بە مرۆڤی کورد نەدابایە، ئەوا وشەیێک وەک دووگیان لە بیر و هزری کورددا نەدەئافرێندرا

15 . Anthropological linguistics

و جێگاکەشی لە خەزێنەی وشەدانی زمانی کوردیدا خاڵی دەما. ئەگەر تەمەنی دووگیان یان واتا و وێناکەی پشتەوەی زۆر کۆنیش نەبێت، ئەوا لە بەها و بایەخەکەی شتێک کەم نابێتەوە، بەڵکوو شکۆمەندییەکەی بۆ هەر بیسەرێک دیارە و دەرخەری ئەو چێژ و بیر و جیهانبینییە زۆر مرۆڤانەیە کە لە دڵی فەرهەنگی کوردەوە هاتووە و لە مێژەوە لە زمانی کوردیدا پارێزراوە.

## سەرچاوەکان

### ئەلف. کوردی

*قورئانی پیرۆز*. (۱۳۸۸) وەرگێڕانی عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار)، چاپی یەکەم، تاران: ئێحسان.

حەمەڕەش، سۆران. (۲۰۲۲). *مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد*، چاپخانەی پیرەمێرد، چاپی یەکەم، سلێمانی: پیرەمێرد.

زەبیحی، عەبدولڕەحمان. (۱۴۰۲). *مێژووی زمانی کوردی*، چاپی یەکەم، مەهاباد: ڕاژە.

شوانی، ڕەفیق. (۲۰۰۱). *چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی*، چاپی یەکەم، هەولێر: موکریانی.

شێختەیب، شەهاب. (۲۰۱۴). *دەربارەی زمانەوانی*، چاپی یەکەم، هەولێر: نارین.

عەبدوڵڵاپوور، هەژیر. (۲۰۰۸). *فەرهەنگی هەژیر*، چاپی یەکەم، هەولێر: موکریانی.

*فەرهەنگی زانستگای کوردستان* (۱۳۹۷) سەرنڤیسار: ماجد مەردۆخڕۆحانی، چاپی یەکەم، (۳ بەرگ) چاپی یەکەم، سنە: زانستگای کوردستان.

کەرەمی، سەعید. (۱۳۹۶). *وشەناسیی زمانی کوردی*، چاپی یەکەم، سنە: زانستگای کوردستان.

کەمانگەر، فەردین. (۲۰۱۴). «زمان پێناسەی گەلانە»، *ڕامان*، ژ. ۲۰۹، لل. ۱۰۷- ۱۰۹.

لوقمانی، ڕەحیم. (۱۴۰۲). *ژنخواکانی کوردستانی دێرین و ئەفسانەی گیڵگامێش*، چاپی یەکەم، سەقز: خانی.

نانەوازادە، عەلی. (۲۰۰۵). *فەرهەنگی کوردیی هەرمان*، چاپی دووهەم، هەولێر، وەزارەتی پەروەردە.

نیزامەدین، فازل. (۲۰۰۳). *فەرهەنگی ئەستێرە گەشە*، چاپی سێهەم، هەولێر، وەزارەتی پەروەردە.

### ب. فارسی

ابراهیم‌پور، محمدتقی. (۱۳۷۳). واژه‌نامه فارسی-کوردی، چاپ اول، تهران: ققنوس.

باطنی، محمدرضا. (۱۳۷۴). *مسائل زبانشناسی نوین (ده مقاله)*، چاپ چهارم، تهران: آگاه.

پوتر، سیمون. (١٣٨١). *زبان و فکر*، (گزیده مقالات مجله *فرهنگ و زندگی*)، ترجمه فریدون سالک و نادر ابراهیمی، چاپ اول، تهران: وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی.
بهرامی، احسان. (١٣٦٩). *فرهنگ واژه‌های اوستا بر پایه فرهنگ کانگا و نگرش به فرهنگ‌های دیگر*، (٢ جلد)، چاپ اول، تهران: بلخ.
تاجفر، فریده و مریم آقائی بجستانی و محمد روحانی‌مقدم. (١٣٩٨). «تاملاتی فقهی در سن ولوج روح در جنین با تاکید بر آیات قرآن»، فصلنامه *قه و مبانی حقوق اسلامی*، سال دوازدهم، ش. ۴، صص. ۴۹- ۶۲.
تکمیل‌همایون، ناصر. (١٣٨١). «گفتاری در جامعه‌شناسی زبان»، *زبانشناسی و جامعه‌شناسی (گزیده مقالات مجله فرهنگ و زندگی)*، تهران: وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی.
توسلی، غلامعباس. (١٣٨٦). *جستارهایی در جامعه‌شناسی معاصر*، تهران: حکایت قلم نوین.
حبیبی، محمد. (١٣٧٨). *خصائص مدیران فرهنگی*، تهران: تبیان.
خوشحالی، بهزاد. (١٣٧٩). *زبانشناسی کرد و تاریخ کردستان*، چاپ اول، همدان: فن‌آوران.
رحمانی، جبار. (١٣٩٢). «فرهنگ‌شناسی: میان‌رشتگی و علم انسان‌شناسی». فصلنامه مطالعات میان‌رشته‌ای در علوم انسانی، دوره پنجم، ش. ٣، صص. ١- ١٩.
رحیمی، محمد. (١٣٩١). توصیف ساختواژه‌ی گویش سورانی زبان کردی، چاپ اول، سنندج: شیخی.
رضوی، عبدالحمید. (١٣٩٢). «تاملی بر مناسبت فرهنگ، زبان و آموزش»، *مطالعات فرهنگی و ارتباطات*، ش. ٣٠، صص. ١١- ٣١.
ساریخانی، عادل و حسین محمدی درح و قاسم اسلامی‌نیا. (١٣٩٩). «بررسی تطبیقی زمان ولوج روح در اسلام و سایر ادیان»، فصلنامه پژوهش *تطبیقی حقوق اسلام و غرب*، سال هفتم، ش. ١، صص. ١١٩- ١۴٠.
سبکتکین، قربانعلی و زهرا خسروجری. (١٣٩٢). «فرهنگ، زبان و آموزش»، *مطالعات فرهنگی و ارتباطات*، سال نهم، ش. ٣٠، صص. ۵٧- ٧٣.
سلمانی‌نژاد مهرآبادی، ساغر و رشید شکری. (١٣٩٩). «جایگاه کهن‌الگوی اصل مادینه در اشعار شیرکو بی‌کس»، *پژوهشنامه ادبیات کردی*، ش. ١٠، صص. ١- ١۶.
سهرابی، رضا و جعفر سریش‌آبادی. (١٣٩٠). فرهنگ گروس، چاپ اول، سنندج: دانشگاه کردستان.
گرجی، مرضیه و امید پورکلهر. (١٣٩٢). «نگاه انسان‌شناسی به زبان و فرهنگ عامه»، *مطالعات فرهنگی و ارتباطات*، سال نهم، ش. ٣٠، صص. ١٧٩- ٢٠١.

قرشی، امان‌الله. (۱۳۸۱). *انسان و زبان*، چاپ اول، تهران: فرس.

نراقی، احسان. (۱۳۸۶). *علوم اجتماعی و سیر تکوینی آن*، چاپ چهارم، تهران: فرزان روز.